# بەندیخانەی ئاکرێ بە فەرمی داخرا...



دوای ئەوەی لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەندیخانەی ئاکرێ بڕیاری داخستنی درا، بە مەبەستی دڵنیا کردنەوەی تەواوی ئەم مەسەلەیە ئەمڕۆ ٢٠٠٨/٢/١٧ بەڕێز د.شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ سەردانی ئەم بەندیخانەی کرد تا لە نزیکەوە بۆ هەموو لایەکی روونبکاتەوە کە دەبێت هەموو بەندیخانەکان فەرمی بن و سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بن.

لە سەرەتای سەردانەکەیدا لەگەڵ بەڕێز قایمقامی شارۆچکەی ئاکرێ کۆبۆوە و لەم کۆبوونەوەیەدا کە لێپرسراوانی دەزگای حکومەت لەم شارۆچکەیە و بەڕێوەبەری گشتی مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت ئامادەیبوو باس لە سروشتی جوغرافی ئاکرێ کرا کە خاوەنی مێژوویەکی گرنگە و ئەم شوێنە هەمیشە جێی بایەخی ئەوانەبووە کە سەردانی ئەم دەڤەرەیان کردووە و ئاماژەش بەوەدرا کە ئاکرێ گەلێ ناودار و سیاسەتمەداری تێدا هەڵکەوتووە کە خزمەتی مێژوویی سەرفرازی گەلی کوردیان کردووە....

هەروەها لە سەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاکرێ گۆڕانکارییەکی مەزنی بەخۆیەوە دیوە بەتایبەت لە رووی ئاوەدانکردنەوە، دیارە ئەمەش بەشێکە لە بەمەدەنیبوون و بنیاتی رۆشنبیرایەتی تاك و کۆمەڵ و ئەنجامەکەش زاڵبوونە بەسەر پێشێلکارییەکان کە دەرهەق بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی دێتە ئاراوە...

هەر لەبەر ئەم رۆشناییانە و بڕیاری سەرۆکی حکومەت وەزیری مافی مرۆڤ بەیاوەری قایمقامی قەزای ئاکرێ سەردانی بەندیخانەی ئاکرێی کردوو یەکە یەکە هۆڵەکانی ئەم بەندیخانەیەی بەسەر کردەوە و لە دوایشدا لەبەردەمی کەناڵەکانی راگەیاندن رایگەیاند:

ئەمڕۆ سەردانی بەندیخانەی ئاکرێمان کرد بۆ ئەوەی بەڕەسمی ئیعلانی داخستنی بەندیخانەکە بکەین، دیارە ئەمەش لەسەر بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و لە ئەنجامی بەدواداچوون و لێپێچینەوە و پێشنیاری وەزارەتی مافی مرۆڤ هات سەبارەت بە رەوشی بەندیخانەکان لە کوردستانداو بەیەکێ لە هەوڵە گرنگەکانی وەزارەتیش دەژمێردرێ، چونکە بەندیخانەکانی مەحەتە و مەعەسکەر سەلام-یش لە بنەڕەتەوە هیچ مەرجێکی بەندیخانەیان تێدا نیە و ئێستا کار بۆ ئەوە دەکرێ لە هەولێر و سلێمانی دوو بینایەتی گونجاو بۆ بەندیخانە دروستبکرێ کە ئەمەش دەبێتە بەشێك لە بەرەو پێشچوونی رەوشی زیندانیان و چاکسازی بنەڕەتی بۆیان.

هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە لەم ماوەیەدا بڕیارێکی دیکە لە حکومەتی هەرێم دەرچوو کە دەبێت هەموو بەندیخانەکان بکەوێتە سەر میلاکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی ئەمەش هەنگاوی گرنگە بۆ لەیەکتر حالی بوون و دیار بوونی ئەرکەکان بەمەبەستی چاکسازی پتر.

لە دوایدا بەیاوەری قایمقام و لێپرسراوانی دەزگاکانی حکومەت سەردانی لقی ئاکرێی (پ.د.ك) و مەڵبەندی ئاکرێی (ی.ن.ك)ی کردوو لە نزیکەوە لەگەڵ لێپرسراوانی هەردوولا باسی لە چۆنیەتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کرد و هەموو لایەك جەختیشیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ هەموان بەروحیەتێکی پڕ لە لێپرسراویەت ئەم رەوشە بپارێزن و گیانی مەدەنیەت و دیموکراسیەت زیاتر بەرەو پێبدەن.

لەدوا وێستگەی سەردانەکەشیدا لە نووسینگەی ئاکرێی مافی مرۆڤ کە سەر بە وەزارەتە لەگەڵ بەرێوەبەر و فەمانبەرانی ئەوێ کۆبۆوە و گوێی لە راو بۆچوون و پێشنیار و کێشەکان گرت و بەپێی رێنماییەکانیش بڕیاردرا کارەکان جێبەجێبکەن.